# زاناومانا !؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

زاناومانا،شێخ ومێخ،شارومار،ژن ومن،خوێڕی و موێڕی،خەبەرومەبەر،سەگ ومەگ وتد. ئەم زاراوەسازیانە لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە ئاخاوتنی میللیدا دەستەواژە گەلێکن بۆ مانابەخشینی زیاتر، بۆنمونە بتەوێت لە دیاردەی شێخ زانا تێبگەیت و ماناو شیکردنەوەی بدەیتێ، ئەگەر ئیسلامی بیت ئەڵێیت توخوا ئەوە کەی ئیسلامە کەخۆشی کردوە بەشێخ و مێخ و سێکس و مێکسیش ئەکاو ئەڵێ جیهاد ئەکەم، ئاخر جیهادی چی عەزیزم کە تۆ خۆتت دۆڕاندو سوکایەتیت بەبەهای ئیسلامەتیەوە کرد !؟

کەسێکی عەلمانی و لادینیش ئەڵێت وەڵڵا ئەم ئیسلام و میسلامانە چاك دنیایان تێکداوەوبەراست و چەپدا خەڵك و مەڵك سەر ئەبرن بێ ئەوەی خواو سەحابەکان بناسن، بابایەکی کاسبیش ئەڵێت ئەم گروپ و مروپە بۆ پارەو مارە ئەم کارانەیان کردوە.

بەهەرحاڵ ڕۆژێکیان باوکم گوتی ئەزانیت فەرق چییە لە نێوان (ماستاووعارەق) وووتم نەوەڵا، ووتی دەبا بزانیت ماستاو: کردنی حەرامەو خواردنی حەڵاڵ عارەقیش : کردنی حەڵاڵ و خواردنی حەرام، ئینجازانیم وەستا بەنا فاریقە مونافیقەکەی لای شێخ کە چەقۆکەی ئەدا بەیەکدا بەپەلەپەل بۆ سەربڕین حەزی ئەکرد زۆر عارەق بکات تاجیهادەکەی حەڵاڵ بێت ! دە بەخوا ماستاوچیەکانیش لەسەر وەزنی قەڵەمچیەکانی دەسەڵاتیش با بزانن حەرامخۆری وەکو خۆیان نییە کاتێ کوێرانە ستایش وماستاو بۆ دەسەڵات ئەکەن ،چونکە بەرۆژ ماستاوکردن و بەشەویش بەپارەی نەسریە عارەق خواردن، کافرومافر هەر خۆیانن،

بەهەرحاڵ ئاسۆ و ماسۆش پێی وایە ئەوەی رویدا روویدا، لێ گرنگە کە دەسەڵات و مەسەڵات ئاگای لە میسداقیەت و قسەکانی خۆی بێت و بزانێت کەی و چۆن پەتی دادگاو سزایەکی عادیلانە ئەخاتە گەردنیان، ئاخر حەق نیە بەهیچ بیانویەك ئەم سزایە دوا بخرێ و لێدانی مەلاش حەل نییە !؟ پیشاندانی بەسوێ ئەبێ سزای بەسوێی بە شوێندا بێت

وەکو نازانین و نەمانزانی دەقیق چ ڕۆژو مێژوویەك ئەمانە گیران دەبا بزانین چ ڕۆژو مێژوویەك دادگایی ئەکرێن، تکایە با ئەم مێژووانە کاڵ نەبنەوە بۆ نەوەیەکی تر کە لەدوامانەوە دێن وەك مێژووی شەرو ئاشتی و یادەوەریە تاڵ و شیرینەکانی حزب ، گوناحی ئەو نەوە تازەیە چییە پاش چەند ساڵێکی تر نازانن تاقمی شێخ چ رۆژو بەرواریك گیران و چ کاتێکیش بەر نەفرەت کران؟ ئاخر ئیشکالیەتی مێژووی ئێمە نەبوونی مێژووە تاوانکاریەکانە نەك مێژووی جوانکردن و بەسەروەریکردنی حزب.

ئەگەرچی ئەم تاقمە کارێکیان کرد ئێمەی کورد دادگاییکردنی سەدامامان بیر بچێتەوە لە چاوەروانی سزای ئەواندا بەڵام دڵنیام کاتێ ئەوان سزا ئەدرێن ئێمە تامەکەیمان لێ ببێتە ژەهری مار و دەیان تاوانی دیکە سەر هەڵبدەن و زانامان لێ بێتەوە بە شێخ و ئەفسانە، وەك چۆن ئێستا ئەمریکیەکان تامی دادگاییکردنی سەدامیان لەبیر بردوینەتەوەو خەریکە سەدامامان بۆ جوان ئەکەنەوە و لێیان گۆریوین بە خەونی گرتنی زەرقاوی و مەرقاویی، ئەی هوو تا ئەم زالەش ( ز ) ئەگیرێت و ئەویش دادگایی ئەکرێت ئێمە بستە خاکێکمان دەست ناکەوێت بۆ قەبرەکەمان و گۆچانێکیش شك نابەین تا لارەلاری پیری پێ بکەین ؟!